



د. هاشم ساڵح
وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد

# لە ڕیفۆرمی ئایینییەوە بۆ ڕۆشنگەریی فەلسەفی

هەندێک جار دەپرسن: (ئایا ئێمە پێویستمان بە ڕیفۆرمی ئایینییە یان بە ڕۆشنگەریی فەلسەفی؟). منیش وەڵام دەدەمەوە و دەڵێم: (ئێمە پێویستمان بە هەردووکیانە، یەکەمیان دەشێت پیاوانی ئایینی ڕۆشنگەر و ئەوانەیان پێی هەستن کە ئاگاداری دنیای فکر و گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونەکانی جیهانی فکر هەن. دووەمیشیان دەشێت ڕۆشنبیرە نوێخوازەکانی عەرەب ئەنجامی بدەن). ئاخر ڕیفۆرمی ئایینی بۆ ئەوەی بچەسپێت و ڕەوایەتیی جەماوەریی خۆی بەدەستبێنێت، چاکتر وایە زانایانی ژیر و گەورە ئەنجامی بدەن. بەڵام ڕۆشنگەریی فەلسەفی، ئەوە ئیشی ڕۆشنبیرانی عەرەبە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە دیوارێکی جیاکەرەوە، لەنێوان ئەو دوو بەرەیەدا هەڵچنین.

بۆ لاسایکردنەوەی کوێرانە نا، بەڵکو وەک بەرچاوڕوونییەك دەخوازم لێرەدا ئەو هەوڵ و کۆششە بخەمەڕوو کە هزری ئەورووپی بەخەرجیدا، بۆ ئەوەی لە دۆگماکانی کەلەپووری مەسیحی ڕزگاری ببێت. ئەو دۆگمایانەش لەلایەن کڵێسای کاتۆلیکییەوە، خرابوونە مێشکی خەڵک و خواوە.

تیرۆر و تۆقاندنی ئەو بیروڕا تیۆلۆژییە دۆگمایانە، لە سەدەی شازدەدا گەیشتە لوتکە. هەر بۆیە (مارتن لۆتەر) لە ڕێی بزاوتێکی بەرفراوانەوە کە بە (ڕیفۆرمی ئایینی) ناوزەدکرا، لە دژی پاپەڕی و دژ بە قودسیەتی پاپا و کڵێسا وەستایەوە و تەنها دانی بە پیرۆزی و قودسیەتی وەحیی ئیلاهیدا نا. بە کورتی و پوختی دەیگوت: (تەواوی کەلەپوور و میراتی کڵێسا بپشکنن و تەنها ئەو شتانە بهێڵنەوە کە باشن، واتە لەگەڵ قسەی خودادا دەگونجێت).

کەوابێت کارمان بە قسەی پاپا نابێت، گەر پێچەوانەی قسەی خودا بێت. هەروەها ئیمانداری مەسیحی مافی ئەوەی هەیە سەرجەم فتواکانی کڵێسای کاتۆلیکی ڕەتبکاتەوە، گەر هاتوو پابەند نەبوو بە ناوەڕۆکی ئینجیلەوە. لەبەرئەوە مارتن لۆتەر ئەوەی ڕەتکردەوە پیاوانی ئایینی بڕیار لەسەر ژیانی خەڵك و خوا بدەن، یاخود ببنە ناوەندێك لەنێوان مرۆڤی مەسیحی و یەزداندا.

ئەو پێی وابوو هەموو مەسیحییەك پیاوێکی ئایینییە و دەتوانێت ڕاستەوخۆ، لەگەڵ خالقدا پەیوەندیی بگرێت و هیچ پێویستی بە نێوەنگیری و خۆتێهەڵقورتاندنی ئەوانی دیکە نییە. هەروەها دەتوانێت ڕاستەوخۆ ئینجیل بخوێنێتەوە و ناچار نییە بچێتە لای پیاوانی ئایینی، تا تێی بگات و شرۆڤەی بکات یاخود ئیزنخوازییان لێبکات بۆ خوێندنەوەی. ئاخر ئەویش وەك ئەوان مەسیحییە و ڕەنگە لەوانیش چاکتر و بەڕێزتر بێت.

بەم جۆرە مارتن لۆتەر ئەو پلەبەندییەی ناو کڵێسای کاتۆلیکی تێکدایەوە، هەر لە پاپاوە تا بە خواری خوارەوە دەگات. بەوەش توانی گورزێکی توند لە پرکێشی و زوڵم و ستەمی کڵێسا و لە بازرگانیکردنی بەئیمانداری و بە چەکی لێخۆشبوون بوەشێنێت، کە کڵێسا لە سا و پەنای ئەو بازرگانیکردنەدا، پارەیەکی بێشوماری کەڵەکە کردبوو.

سەرەوەختێك کار دەگاتە بازرگانیکردن بە خودی دینداری خۆیەوە (واتە دەگاتە پیرۆزترین شت)، ئەوا مانای وایە توێژی پیاوانی ئایینی گەندەڵ بوون و بە کەڵك نەماون. واتە نەخۆشییەکە بۆتە نەخۆشییەکی

کوشندە و بە هەموو لایەکدا بڵاوبۆتەوە و تەنها بە بزووتنەوەیەکی چاکسازی ڕادیکاڵانە چارە دەکرێت. مارتن لۆتەریش هات و ئەوەی کرد، کاتێك بەو شێوە سەرنجڕاکێشە تەقییەوە و ئەو ڕیسکە گەورەیەی دەست پێکرد. ئەوکارەی ئەو کردی، مل هەڵسوین بوو لە چەقۆ. کەواتە لە مێژووی ئەوروپادا، ئەوە ئازادبوونی یەکەم بوو. دەبینین لە سەرەتادا ئازادی، ئازادبوونی ئایینیە. دوای ئەوە ئازادبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەنانەت ئابووریش دێت.

**لۆتەر پێی وابوو هەموو مەسیحییەك پیاوێکی ئایینیە و دەتوانێت ڕاستەوخۆ، لەگەڵ خالقدا پەیوەندیی بگرێت و هیچ پێویستی بە نێوەنگیری و خۆتێهەڵقورتاندنی ئەوانی دیکە نیە. هەروەها دەتوانێت ڕاستەوخۆ ئینجیل بخوێنێتەوە و ناچار نییە بچێتە لای پیاوانی ئایینی، تا تێی بگات و شرۆڤەی بکات یاخود ئیزنخوازییان لێبکات بۆ خوێندنەوەی**

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئازادیی ئایینی، مەرجی هەموو ئازادییەکە. بەڵام دواتر بە سەدەونیوێك یان دوو سەدە، کڵێسای کاتۆلیکی گەڕایەوە سەر هەمان ستەمکاری و ئاگری شەڕی مەزهەبی لەنێوان ئەو ئایینزایەدا کەوتەوە کە مارتن لۆتەر دایمەزراند (واتە پرۆتستانتیزم). بگرە تەنانەت خودی پرۆتستانتیزمیش، وەرگۆڕا بۆ ئەرسەدۆکسیەتێکی دۆگما و داخراو.

ئیتر ئەوکات براوتێکی نوێ بۆ ئازادکردنی مێشك و بیری خەڵك لە دەست پیاوانی ئایینی و دەمارگیری و بەندوباو و فەتوا تەکفیرییەکانیان هاتە ئارا. فەتوای تەکفیری پیاوانی ئایینی، بووە مایەی خۆشکردنی ئاگری شەڕی مەزهەبی لەنێوان ئایینزا جیاجیاکاتدا. کاتۆلیکەکان، پرۆتستانتەکانیان تەکفیر دەکرد و ئەوانیش هەروەها. ئەو براوتە ئازادیخوازە نوێیەی دژی ئەو دۆخە هاتەئارا، بە (ڕۆشنگەریی فەلسەفی) ناویان دەرکرد و بە شێوەیەکی تایبەت لەسەدەی هەژدەهەمدا، تەشەنەی سەند.

کەواتە هاتنی ئەو براوتە نوێیە، پەرچەکردار بوو بەرامبەر بە گەندەڵیی پیاوانی ئایینی و دژ بەو کۆمەڵکوژییە مەزهەبیە بوو کە ئەوروپای گرتەوە. ئەوەی ئەو براوتە فیکرییە گەورەیە ئامانجی بوو، ڕۆشنکردنەوەی عەقڵ و مێشکی مرۆڤەکان بوو، لە پێناو ڕزگاربوون لە دەست شەڕوشۆڕ و دەمارگیری مەزهەبی. ئامانجی ئەوان بێباوەری نەبوو وەك هەندێك پێیان وایە، بەڵکو دەیانویست شرۆڤەکردنێکی تۆلێرانسانە و پلورالیستانە بۆ ئایین فۆرمولە بکەن. واتە پێچەوانەی ئەو شرۆڤەکردنە سەختگیر و تەکفیرییە بێت کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەئارەدابوو.

کارەکتــەرە ســەرەکییەکانی ئــەو بزاوتــە بریتیبــوون لــە: (ڤۆلتێــر و ژان ژاك ڕۆســۆ و ئنســکلۆپیدیایە فەڕەنســیەکانی وەك دیــدرۆ و دالامبێــر و... هتــد). ئــەم بزاوتــە لەســەردەســتی ئیمانوێل کانتی ڕابەری ڕۆشــنگەریی ئەڵمانــی، گەیشــتە لوتکــەی پێگەیشــتنی فەلســەفی خۆی. توێــژەران پێیانوایــە فەلســەفەی ئایدیالیســتیی ئەڵمانــی و لــە پێــش هەمووشــیانەوە (کانــت و فێختــە و هیــگڵ و شــیلینگ)، جگــە لەبەعەلمانیکردنــی ڕیفۆڕمەکــەی مارتــن لۆتــەر شــتێکی دیکــە نییــە.

بــەم جــۆرە هــزری ئەورووپــی قەڵەمبازێکــی نوێــی بــەرەو پێشــەوەدا. ئــەوەش بــوو بــە دووەم ئازادبوونــی مــەزن، لە مێــژووی هــزری ئەورووپیــدا. ئیتر ئــەوکات تێگەیشــتنێکی عەقڵانــی و تــەواو نــوێ بــۆ ئاییــن هاتــە ئارا. ئازادبوونــی یەکــەم، پاقژکردنــەوەی بیروڕاکانــی مەســیحیەتی بەئامانــج گــرت، بــەڵام بــێ ئــەوەی لەچوارچێــوەی گشــتی ئاییــن لابــدات، هــەر بۆیــە بــە ڕیفۆرمــی ئایینــی ناوبــرا. بــەڵام ئازادبوونــی دووەم کــە خــۆی لــە فەلســەفەی ڕۆشــنگەریدا دەبینیــەوە، ئــەوا بــە تەواوەتــی لــە مەســیحیەت لایــدا و بــەراورد بــە تیۆلۆژیــای مەســیحی، ســەربەخۆیی فەلســەفەی بەدەســتهێنا.

وەك دەزانیــن بــە درێژایــی ســەدەکانی ناوەڕاســت و بگــرە تــا دوای قۆناغــی چاکســازیی ئایینــی، فەلســەفە خزمەتــکاری زانســتی خوداناســی بــوو. واتــە ئامانجــی ســەلماندنی ڕاســتی و دروســتی بیروڕاکانــی مەســیحیەت بــوو، بــە شــێوازێکی عەقڵانــی و دوای ئــەوە ئەرکەکــەی تــەواو دەبــوو.

وەلــێ فەیلەســوفانی ڕۆشــنگەری ئــەو هەڵوێســتە ملکەچــەی عەقڵیــان ڕەتکــردەوە و فەلســەفەیان لەســەروو تیۆلۆژیــای مەســیحییەوە دانــا. بــەم جــۆرە هاوکێشــەکە هەڵگەڕایــەوە. ئــەوەش ڕوداوێــك بــوو، بــە زەمیــن لەرزەیەکــی فیکــری دەچــوو.

ئاخــر بــۆ یەکەمجــار لــە مێــژووی ئەورووپــا و بگــرە لــە مێــژووی مرۆڤایەتیشــدا، پێشدەســتی بــۆ عەقڵ بــوو نــەك بــۆ نەقــڵ. ئەوەشــە لــە مێــژووی هــزری ئەورووپیــدا، پێــی دەگوترێــت دابڕانــی گــەورەی ئێپســتمۆلۆژی.

ئایا ئەوە مانای وایە، ئایین کۆتایی هاتووە؟

نەخێــر هەرگیــز، بــەڵام وەك جــاران بــە شــێوازی زۆرەملێــی و ناچــاری خــۆی فــەرز نــاکات. ئــەوەش بــە مانــای گواســتنەوە دێــت، لــە مەســیحیەتی ئوســوڵییەوە بــۆ مەســیحیەتی لیبراڵــی. لــە ململانێــی نێــوان عەقــڵ و ئیمانــەوە، بــۆ ئاشــتەوایی و ئاشــتبوونەوەی گــەورەی مێژوویــی لەنێوانیانــدا.

**سەرچاوە:**

هاشــم صالــح: مــن الاصــلاح الدینــي الــی التنویــر الفلســفي.. ڕۆژنامــەی (الــشرق الاوســط).